# شیعر لەنێوان پەیوەستبوون و یاخیبووندا

## ( گروپی کفری – کەرکوك ، ڕوانگە ) وەکو نمونە

د. ئازاد عبدالواحد کریم- م. ی. سەعید محەمەد عبداللە/ زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی پەروەردە/ چەمچەماڵ

## پێشەکی

ئەدەبی کوردی بە قۆناغێکی تایبەتیدا تێپەڕیوەو لەو ماوەیەدا توانیویەتی خۆی لە ئەدەبی کۆنی کوردی جیابکاتەوەو بەرەو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی مرۆڤ هەوڵ بدات ، جگە لەوە هەروەکو ئەدەبێکی لایەنگیرو شۆڕشگێڕ، بە ناوی نوێخوازی و نوێکردنەوەوە بەرجەستە بووە ، ئەوەش کارێکی دروستەو نوێکردنەوەش لە ئەدەبدا خواستێکی مێژووییە ، کە مێژوو بەسەر جوڵانەوەی ڕێڕەوی ئەدەبی هەموو نەتەوەیەکدا چەسپاندویەتی ، هەر ئەوەشە ڕەنگدانەوەی لە سەرجەم قۆناغەکانی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردیدا هەبووە .

**ـ هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە :**

کاتێك بزاڤی روانگە لەدایکبوو، بزوتنەوەی نوێخوازی لە ئەدەبی کوردیدا لەو سەردەمەدا، لە سستی و کزیدا بوو. کەواتە بەرپاکردنی ئەم تەوژمو شۆڕشە نوێخوازییە لە ئەدەبی کوردیدا، لە گوڵی نوێی پشکوتوی یاخیبووی نەتەوەکەمانەوەبوو، بزاڤی روانگە بریتیبوو لەو یاخیبوونە ئەدەبییەی، کە بازنەکانی تێکدەشکانو هەموو هەوڵەکان، لە دووتوێی بزاڤی نوێخوازیدا، خۆیان نمایشکرد.

هەرچەند شاعیرانی سەرەتای حەفتاکان هەوڵیاندا بایەخی تەواو بە تەکنیك و هونەری شیعری بدەن – مەبەستیشیان لەوە ئەوە بوو باری مەنگی ئەدەب لە قۆناغی لاسایی کردنەوە ڕزگار بکەن و دەنگێکی نوێ بەو قۆناغە ببەخشن- بەڵام سەرکەوتنیان بەدی نەهێنا . کەچی هەندێك شاعیری تری دەرەوەی (ڕوانگە)وەکو (لەتیف هەڵمەت) و (فەرهاد شاکەلی) بۆ یەکەم جار سنووری تەقلیدی شیعریان بەزاندوو پەخشانە شیعریان نووسی . لە ڕەوتەکەشیاندا بە پێچەوانەی (ئەوانەی پێش خۆیانەوە) بەرپەرچی فیکرەی (شیعر بۆ شیعر) یان دایەوە . بەوەش هەنگاوێکی مەزنیان لەو بوارەدانا .

**ـ گرنگیی بابەتەکە :**

هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی ( ڕوانگە ) کاریگەریی زاتی بوو ، کە بریتی بوو لەبارودۆخی بەژارو ژەنگی ڕامیاری ئەو ڕۆژگارە ، کە لە ڕۆژگارە یەك لە دوای یەکەکانی ساڵانی ١٩٦٠ لە عێراق بەگشتی و کوردستانی بەتایبەتی گۆڕانکارییەکی بەرپا کرد ، بەهۆی شۆڕشەکانی کوردستانەوە ،

دواتر ئەو زەمینە سازییەی کە گفتوگۆکانی نێوان حکومەتی ئەوسای عێراق و سەرکردایەتیی کوردی خوڵقاندبووی ، دەرئەنجامی ئەو گفتوگۆیە یەکێك لەو هۆکارانەبوو کە لە سەرهەڵدانی ڕوانگەدا ڕۆڵیان هەبوو، لەو ڕوانگەیەوە ئەو بزاڤە ، کە لەڕووی مێژوویی و ئەدەبییەوە ، کاریگەریی خۆی لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا هەیە ، دەکرێت وەکو بابەتێکی ئەکادیمی بخرێتەڕوو.

**- میتۆدی لێکۆڵینەوە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی ( وەسفی – شیکاری ) بەکارهاتووە .

## بەشی یەکەم

## نۆبەرەی بزاڤی نۆژەنکردنەوەی شیعری کوردی: ( گروپی کەرکوك – کفری ):

زۆرجار کە باس دێتە سەر بزاڤی روانگە ، کەسانێکی تریش ئەو رایە دەخەنە بەردەست، کە ئەوانیش پێشەنگی نوێگەریبوون و پێش دەرکردنی بەیاننامەی روانگەیش هەستیان بەوە کردووە، کە دەبێت گوڕو تینێکی تر بدرێت بە ئەدەبی کوردی بدەن . بەڵام بە پێویستی دەزانین بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەمان و پڕکردنەوەی کەلێنێکیش ئاوڕێك لە گروپێکی سەرەکی ئەو کاتەی دەرەوەی روانگە بدەینەوە. کە خۆیان بە ئەڵتەرناتیڤی ڕوانگە دەزانی و هەستیان بەوە دەکرد، کە سەردەم و رۆژنامەکان دەرگایان بە روویاندا والآ نەکردبۆوەو بایەخیان پێ نەدابوون و رۆژگار فەرامۆشی کردبوون.

ئەو دەستەیە خۆیان بە گروپی (کەرکوك – کفری) دەناسێنن و ناوی گروپ لە خۆیان دەنێن، لە زۆر چاوپێکەوتن و سیمیناردا ئاماژە بە رۆڵی خۆیان دەکەن و گلەیی و گازندە ئاراستەی رەخنەگران دەکەن بەوەی کە بایەخیان پێنەداون و ماندووبوونیان فەرامۆش کراوە.

گروپی (کەرکوك – کفری) لەو کەسانە پێکهاتبوون: (لەتیف هەڵمەت، لەتیف حامد، فەرهاد شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی) و چەند ئەدیبێکی تریش.

سەرەتا هەروەك خۆیان ئاماژەی پێدەکەن ، کە لە ژێر کاریگەریی ئەدەبی عەرەبیدا بوون و کۆمەڵە هۆنراوەی (المسرح و المرایا)ی ( ئەدۆنیس ) یان خوێندبووەوە، بە تایبەت لە ساڵانی (١٩٦٧-١٩٦٨) بە دواوە .

ئەو گروپە زیاتر بەرهەمی خۆیان زیاتر لە ئێستگەی کوردی بەغداد)ەوە بڵاودەکردەوە، (لەتیف هەڵمەت لەو بارەیەوە دەڵێت: ( لەو ساڵاندا من و فەرهاد شاکەلی ، بەردەوام شیعری خۆمان بۆ بەرنامە شیعرییەکانی ئەوسای ئێستگەی کوردی بەغداد دەنارد، زیاتر ئەو دوو بەرنامەیەی کە (جەلالی میرزا کەریم) و (عبدالله عەباس) پێشکەشیان دەکرد)(١).

ئەو رونکردنەوەیەی (لەتیف هەڵمەت) قسەوباس زیاتر هەڵدەگرێت، بە پێویستی دەزانین، ئەگەر بە شێوەیەکی کورتیش بێت ، ئاماژە بە کاریگەریی ئەو دوو بەرنامەیەی ئێستگەی کوردی بەغدا بدەین ، کە لە ساڵانی پێش حەفتادا ، لە وروژاندنی شیعرو نوێگەریدا ، رۆڵی بەرچاویان

(١) لەتیف هەڵمەت . لە کفری یەوە بۆ کۆتاییەکان ، گۆڤاری مامۆستای کورد ، ژ (٣٠ ) ، ١٩٩٦ ، ل ٣١.

هەبووە، ئەوانیش بەرنامەی (ئێوارەتان باش)ی (عبدالله عەباس) و (جەلالی میرزا کەریم)ە، لەگەڵ بەرنامەی (هەڵبەست و مۆسیقا)ی خوالێخۆشبوو (محمد مستەفا کوردی) ، لەم دوو بەرنامەدا کۆمەڵێك شاعیر شیعریان بلاّودەکردەوە. دەتوانین بڵێین ئەو شاعیرانەی کە بەرهەمیان لەو بەرنامەیەدا دەخوێندرایەوە ، مینبەرێکی ئازادی فرە دەنگ بوون و کاریگەی خۆیان هەبوو لەسەر ئەدیبان و رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە، وێڕای ئەوەی کە ئەوان ماوەیەکیش پێش دەرچوونی بەیاننامەی (روانگە) بوون.

گەواهیشمان بۆ ئەو بۆچوونە ، ئاماژەپێکردنی زۆر لە نووسەران و رۆشنبیرانە بۆ ئەو کاریگەرییە ، کاتێك کە باس لە شیعرو بزاڤی نوێگەری دەکەن. ( لەتیف هەڵمەت) لەوبارەیەوە دەڵێت: (من زۆر هۆگری بەرنامە شیعرییەکانی ئێستگەی کوردی بەغدا بووم، بە جۆرێك سەرجەم شیعرەکانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان )م پێش چاپکردنی تێیاندا پەخش کردەوە)(٢).

گروپی (کەرکوك – کفری) لە ژێر کاریگەریی شیعری نوێی عەرەبی و ئەوروپاییدا بوون و شاعیرانی نێو گروپەکە ، شیعری (سەیاب و بەیاتی و نازك الملائکە و بڵند حەیدەری و حسێن مەردان و شاعیرە فەلەستینییەکانیان) یان دەخوێندەوە.

(لەتیف حامد)یش دەربارەی (لەتیف هەڵمەت) دەڵێت: (باشترین ئەدیب لەم بوارەدا لای من شاعیری تازە پێگەیشتوو (لەتیف هەڵمەت) ە، ئەوەی لەتیف لەوانی تر جیا دەکاتەوە ، گیانی بەرەنگاری و یاخیبوونێتی، دیوانە شیعرەکەی (خواو شارە بچکۆلەکەم) مزگێنی و نوقلانەی شیعری نوێی تێدایە)[1].

لێرەدا بە پێویستی دەزانین تیشك بخەینە سەر خاڵێك، کە زۆر جار لە چاوپێکەوتن و سیمینارەکاندا ورووژێنراوە، ئەویش ئەوەیە ، کە بۆچی ئەدیبانی روانگەو گروپی (کەرکوك – کفری) پێکەوە بەیاننامەکەیان دەرنەکرد؟ سەرەتا (شێرکۆ بێکەس) لەم بارەیەوە دەڵێت: (نوێکردنەوە تەنها لە ڕوانگەدا نەبووە، بەڵکو لە جیلی کەرکوکیشدا هەبووە. ئێمە یەکترمان بینی و ویستمان بە یەکەوەو بەیاننامەکە دەرکەین، لە بیرمە من و (حسێن عارف) پێکەوە چووین بۆ کەرکوك، (لەتیف حامد) و (لەتیف هەڵمەت)مان بینی. بەڵام ئەوان نەهاتنە پێشەوە، لەبەر چەند هۆیەك تا ئێستایش هەندێکیان نازانم چی بوو؟ (١) .

لە وەڵامی هەمان پرسیاریشدا (لەتیف هەڵمەت) دەڵێت: (ئەدیبانی روانگە ، کە لە ناویاندا (شێرکۆ بێکەس) و (حسێن عارف) بوون ، هاتن بۆ کەرکوك لە ماڵی (عبدالعزیز خانەقا) کۆبوونەوەیەکمان سازدا، لە گروپەکەی ئێمەیش ، من و (لەتیف حامد) و (صدرالدین عارف) و

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١.

[1] علی تاهیر حسین، کاریگەری روانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا ، ٢٠٠٠، ل ٥٥.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٦ .

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، هەمان لاپەڕە .

(عبدالعزيز خانەقا ) ئامادەبووین. ئەوان ویستیان بەهاوبەشی بەیاننامەکە دەربکەین، بەلآم ئێمە رێك نەکەوتین ، دوای دەرچوونی بەیاننامەکەیش ناکۆکی کەوتە نێوان ئێمەو روانگەییەکانەوە، دیارە ئەم رێنەکەوتنەیش کۆمەڵێك هۆکار لە پشتییەوە بووە) ( ٢) .

بێگومان نەشونماکردنی هەردوو گرووپەکە لە یەك ئاستدا نەبوون ، ڕوانگەییەکان زیاتر پەیوەست بوون بە بەرهەمی شاعیران و ڕۆشنبیرانی کوردەوە، ئەوەش ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لە بەرهەمەکانیاندا هەبوو. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ حوکمی جوگرافیاو باری مێژوویی و سیاسی ناوچەکە ، بە پێچەوانەوە گروپەکەی تر ، دوورتر بوون لە کەلەپوور و رۆشنبیریی کوردی و لە ئەدەبی عەرەبییەوە نزیك بوون.

## بەشی دووەم

## ڕوانگەو قۆناغێکی تری نۆژەنکردنەوە:

ڕوانگە بزوتنەوەیەکی ئەدەبیی نوێخوازی یاخی بوو . کە لە نیسانی ساڵی ١٩٧٠ وەکو وەلآمدانەوەیەك بۆ شکاندن و بەزاندنی شوورەی سنووردارکردنی ئەدەبی کوردی سەری هەڵدا . ((ڕاستە نووسەرانی شەپۆلی حەفتاکان،بەڕوانگەییەکانیشەوە وەك تاك بەپلەی جیاجیا و وەك گرووپیش پێکەوە سەرەتاو هەوڵدانێکی تریان گرتەبەر.... لە هونەرەکانی تریشدا بە ئەندازەیەکی کەمتر بەردەوامییەکی تەوژمداریان خوڵقان ))(١). خاوەنی ئەم ڕایە ئەوەی لەبیر چووە کە چی شاعیرانی کوردی حەفتاکان و چی ڕوانگەییەکانیش لە ڕووی بزاڤێکی ئەدەبیی تازە چەکەرە کردووەوە ، هەتا پێش بارودۆخەکە نەیاندەتوانی وا بە سەرفرازی و سەربەستی تەعبیر لە بیروبۆچوونەکانی خۆیان بکەن .بەو واتایەی کە سەرهەڵدانی بزاڤەکە پەیوەندیی بەبارە ڕامیارییەکەوە هەبوو، کە لە ڕۆژی یانزەی ئادارەوە سەربەستیی ڕۆشنبیری و ڕامیارییان بۆ ڕەخسا . هەڵبەتە نوشوست هێنانیشی بە هەمان شێوە پێوەندی بەباری ڕامیارییەوە هەبوو. کەواتە ئیدی– لەوە زیاتر چاوەڕوانی چییان لێ دەکرێت ، چونکە ئیتر هەر شاعیرو ئەدیبێك ڕوویان لە لایەك کردو تەونی کۆمەڵکە هەڵوەشێنرایەوە .

واتا بزاڤەکە هێنانەکایەوەی زەمینەیەکی ئەدەبیی هاوچەرخ بوو، کە سیمای شیعرێکی پێشڕەوی وەرگرت ، لە میانەی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا:

<u>یەک:</u> شاعیران وشیارییەکی نوێیان لەلا گەڵاڵە بوو سەبارەت بە کەلەپووری ڕوحی- ئەقڵی و قۆزتنەوەی ڕاستییەکانی ڕێڕەوی ژیانی کوردایەتی .

<u>دوو:</u> هەرس کردنی گیانی کەلەپووری نەتەوەو ماوەڵە کردن لە گەڵیدا .

---

(١) هاشم کۆچانی ، گوتاری (( لە پەراوێزی مۆدێرنێتی دا )) ، گۆڤاری نیشتمان ، ژمارە (٤) ، تەموزی ١٩٩٨ ، ل ٥٩-٦٠.

(٢) بانگەوازێك لە ئەدەبی کوردی نوێمانەوە ، گۆڤاری ڕوانگە ، چاپخانەی النعمان ، نجف، ١٩٧١، ل١٠ .

**سێ:** ئامێته بوون لەگەڵ گیانی ناسیۆنالیستی ، بەوەی کە گەل داهاتی نەبڕاوەی بەردەوامیی ژیانی خەڵکە.

**چوار:** سوود وەرگرتن لە ئەزموونی شاعیرانی میللەتانی دیکە.

**پێنج:** ژیان و نەتەوەو مرۆڤایەتی .... تا دەبن بە بابەتی سەرەکی دۆزی شیعر .

**شەش:** پشت بەستن بە هەماهەنگیی نێوان ئەزموونە نوێیەکەو قاڵبی گشتیی سۆز لە بنیاتی شیعردا.

**حەوت:** گۆڕینی دەستەواژەو (موفرەداتی) سنووره تەسکەکەی شیعری پێشوو .

**هەشت:** بەکار هێنانی وێنە شیعری زەبنیو زیندووی وەسفکاری ، کە بەروڤاژی کلاسیزمییەکان لە قاڵبی تەشبیەکاریو ڕەگەز دۆزیو ڕەوانبێژی لای دا.

**نۆ:** پڕاکتیزه کردنی ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە لە چوار چێوەی قەوارەی ژێری ڕاستەقینەی ڕووداوەکان.

ئەمانە گرنگترین سیما بنچییەکانی (ڕوانگە)ن ، کەواتە ڕوانگەییەکان، بەرگێکی نوێ بوون لە سەردەمێکی نوێدا . وەکو خۆیان لە بانگەوازەکەیاندا ووتویانە(( کۆن بەلای ئێمەوە– لە پێوانی بابەتەکانی ئەدەبدا –هەر ئەوە نیە کە کوێرانە یاخی بوونێکی دژ بەرپا بکەین ، ئێمە بڕوامان وایە کە تاقیکردنەوە کۆنە سەر کەوتوەکان هەمیشە پاڵپشتێك بوون بۆ ڕێڕەوە تازەکان ، بەلاّم قوتابخانەی ئێمە ، قوتابخانەی(نەتەوەو ژیانە) .... قوتابخانەی مرۆڤایەتی پیێ شێل کراوی ناوی ئەم جیهانەیە))(٢).

ئەوانەی کە یەکەم بانگەوازی نوێخوازییەکەی ڕوانگەیان ئیمزاکرد . خۆیان بە دەنگی ڕاچەنیوی شیعری نوێخوازی دەژمارد . کە پاش چەندین دانیشتن و وتووێژی شیعری لە سەر ئەو ڕایە سەقامگیر بوون ، کە (بەیاننامە شیعرییەکە)بلاّو بکەنەوە . لە پاش ئەو مێژووەوە ئیدی دەنگی شیعرو بەرهەمەکانیان بە دنیای ئەدەبیاتی کوردیدا بلاّوبووەوە . نوێخوازییەکەی ئەو دەستەیە،پرۆسەیەکی تایبەتی بوو ، کە بۆ ئەوانەی بە دوای ئەوانەوە دێن ، بیکەن بە ڕەوتی ژیانی خۆیان و مۆرکە گشتییەکەی بسەلمێنن.وە لە پراکتێك کردنیشیدا میکانیزمی تایبەت بەخۆیان هەبێت و بەژیری مامەڵەی لەگەڵدا بکەن . بەلاّم ئایا لە میانەی ئەو بۆچوونەوە ،شاعیرانی حەفتاکان توانییان دیدێکی گۆرانکاریی یاخیبوو بخەنەڕوو، کە بیانخاتە بازنەی نەوەیەکی ئەدەبیی دروست، کە هەموو تەقلیدییەتێکی کۆنی وەلاوە ناوە؟لەبەرسڤدا دەڵێین هەموو ڕاستییەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە (ڕوانگە)و هاوپەیوەندەکانی،هاوکات لە گەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا ڕەوتێکی پەڕەلێڵییان وەرگرت ، کە مانای شیعرو بیری نوێیان لە ئاقاری ئەدەبیدا پیادە کرد ، لەو پرۆسەیەشدا لەڕووی تەکنیکییەوە ، شیعر لەلای ڕوانگەییەکان لەسەر بنەمایەکی هونەریی نوێ فەراهەم دەبێت ، بەوەی کە (( شیعر ملکەچی کۆتە کۆنەکان نابێت ... چونکە بوونەوەرێکی هەمیشە جوڵاوە بە ملکەچ بوونی بۆ هەر یاسایەك ، هەر زوو دەمرێت ))[1] ، حسین عارف ، شێرکۆ

---

(١) سامي مهدي ، افق الحداثة و حداثة النمط ، دارالشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٩٨ ، ص ٩٣ .

بێکەس و کاکە مەم بۆتانی ، جەماڵ شارباژێری ، جەلالی میرزا کەریم ، پاشان سەڵاح شوان و چەندانێکی تر، هاتنە ڕیزی ئەو دەنگەوەو جێ پەنجەی نوێکارییەکەیان پێوە دیار بوو .

## بەشی سێیەم

## بزاڤی ڕوانگە : هۆکارەکانی سەرهەڵدانی :

بەر لەسەرهەڵدانی هەر بزاڤ و ئایدیایەکی ئەدەبی ، فیکری وئایدۆلۆژی ، بەرنامە و پەیڕەوێکی ئامادەکراوی پێویستە بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنێت و ببێت بە هۆکارێك بۆ بەردەوامیی ئەو بزاڤە.

ڕەنگە ئەم چەند دێڕەی سەرەوە ، دەقاودەق لەگەڵ بزاڤە ئەدەبییە کوردییەکاندا بگونجێت، بزوتنەوەی ئەدەبی ڕوانگەش کە بزوتنەوەیەکی ئەدەبی هاوچەرخی ناو ئەدەبیاتی کوردی بوو،بەبێ گومانی یەوە دەڵێین بەبێ بەرنامەو بیرو فیکرێك نەهاتووەتە مەیدانی ئەدەبیاتی کوردییەوە . لەپاڵ ئەو بەرنامەو فکرانەش کۆمەڵە هۆکارێکی سەرەکی هەبوون بۆ ئەوەی ڕابەرانی ئەو بزاڤە ، بیر لە بڵاوکردنەوەی جۆرە بزاڤێکی وەها بکەنەوە . یەکێك لە ڕابەرانی ئەم بزوتنەوەیە جەمال شارباژێری یە و هۆکارێکی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەیان مان بۆ ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت: ((دوای ئەو خامۆشیە ڕۆشنبیرییەی کە هەبوو ، وە بەهۆی ئەو بارودۆخەی ئەوساوە ، بیرمان لەوە دەکردەوە چی بکەین تا گڕو تینێ بە ئەدەبی کوردی بدەین ، زۆرجار لەگەڵ شێرکۆ بێکەس و برادەران قسەمان لەو بارەوە دەکرد.))(١) .

بەپێی قسەیەکی شێرکۆ بێکەس ، ناوی ڕوانگە لە بۆنەیەکەوە هاتووە ، ((من وشەی ڕوانگەم لە وشەیەك قۆزتەوە کە لە ساڵی ١٩٥٩ و ١٩٦٠ لە خەیاڵمدا بووە ، من لەو دەمانە سەردانی ناوچەی (سیوەیل ) م کردبوو ، لەوێ چووینە سەر شوێنێك ئەوەی لەگەڵمدا بوو وتی :

ئێرە ڕوانگەیە ! منیش وتم :

ڕوانگە چییە .....؟ ئەویش وتی :

ئێمە لە ڕاوە کەودا ، ئەو ناوە و ئەو شوێنە بەکاردەهێنین ، بۆ ڕاوە کەو ، ڕاوچییەکە ئەچێتە شوێنێك چاوی لە هەموو ناوچەکانی چواردەوری خۆیەتی ، هەموو ناوچەکانی لێوە دیارە ، واتە قووتکەیەکی بەرز لە شوێنێکدا ، شوێنی ڕوانین . ئیتر کە بەیانەکەی ڕوانگە هاتە پێشەوە من نوسیم و ناوەکەشی بەو ناوە ڕۆیشت)) (٢) .

---

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جەمال شارباژێری ، گۆڤاری ڕامان , ژمارە ٣١ – ١٩٩٩ , ل ٨٩ .

(٢) شێرزاد هەینی ، ٩٥٥ خولەك لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دا ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، ل ١٢٥-١٢٦.

زۆر لە سەر هۆكارەكانی سەرهەڵدانی ئەو بزاڤە ئەدەبی یە نوسراوە ، بەڵام لەناو ئەو هەموو هۆكارانە دەتوانین ئەم هۆكارانەی خوارەوە دەستنیشان بكەین ، كە بوونەتە هاندەر و فاكتەری سەرەكی بۆسەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەیە :

١- وەك ئاشكرایە ئەدەبیاتی جیهانی بەگشتی ، لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ، گۆڕانكاری زۆری بەخۆوە بینی ئەم گۆڕانكاریی ئەدەبیانە سەرەتا لە ئەدەبیاتی ئینگلیزەوە دەستی پێكردووە پاشان بۆ ئەدەبیاتی فەرەنسی و ئەورووپییەكان گواسترایەوە . ئەدەبیاتی عەرەبی سوودی لەو گۆڕانكاریەی ئەدەبیاتی ئەورووپایی وەرگرت وە لەناو ئەدەبیاتی خۆیاندا بەكاریان هێنا ، ڕەنگە ئەو نوێ خوازیەی (بەدر شاكر سەییاب) و (نازك مەلائیكە) كە لەناو ئەدەبیاتی عەرەبی كردیان ، جوانترین نموونەی باسەكەمان بێت . وە لە ڕێگای ئەدەبیاتی عەرەبی یەوە، ئەدەبیاتی كوردی ئەم نوێ كردنەوەیەی هێنایە ناو شێوە ئەدەبییاتەكەی .

٢- هەوڵەكانی هەریەك لە دیلان و كامەران موكری لەو بوارەدا دەچنە چوارچێوەی لاسایی كردنەوەی ئەدەبیاتی عەرەبی كە ئەم دوو شاعیرە هەوڵیان دا چەند گۆڕانكاریەك لە ئەدەبیاتی كوردیدا بكەن و خۆیان لە قوتابخانەكەی شیعری گۆران دوور بخەنەوە ، لەو ڕۆژگارەدا (( ئایدیای ماركسی مەسەلەی ڕۆڵی ئەدیبانی خستە ناوەوە ، سەبارەت بە پابەندبوونیان بە ئەدەبێكی ڕیالیزمیی مرۆڤایەتییەوە ... بە تایبەت لە ساڵانی پەنجاكان و شەستەكان ، لەومیانەیەشدا كێشەكە لەسەر نوێكردنەوەی شیعرو پابەندبوونی شاعیران بوو ))(١) ، ئەو نوێكردنەوەیەی ئەو دوو شاعیرە ، كەم تا زۆر كاریگەری بەسەر دەركەوتنی بزوتنەوەی ڕوانگەوە هەبوو ، هەروەكو شێركۆ بێكەس خۆی ئەم ڕاستیە دەسەلمێنێت و دەڵێت :((ڕوانگە لە مناڵدانی شەستەكاندا خولقا و بەڵام لەسەرەتای حەفتاكان لەدایك بوو ، ئینجا لەناوەڕاستی حەفتاكان پێی داگرت و هاتە ناو خەڵكەوە.))(٢) . كەواتە ئەو ووتەیەی شێركۆ بێكەس ئەوە دەسەلمێنێت كە ئەو نوێكردنەوەیەی لەسەرەتای شەستەكاندا لە ناو ئەدەبیاتی كوردی پەیدابوو ، هۆكارێك بوو بۆ ئەوەی لە سەرەتای حەفتاكان ، ڕوانگەییەكان بیر لە نوێكردنەوەی ئەدەبیاتی كوردی بكەنەوە ، كامەران موكری و حەمە ساڵح دیلانیش پردی نێوان قۆناغی پاش گۆران و سەرهەڵدانی هەر ڕێبازێكی نوێی شیعری بوون ، بە ڕوانگەشەوە.

٣- دەركەوتنی كۆمەڵە گۆڤارێكی عەرەبی ، كە هەندێك سیمای نوێكردنەوەیان تیایدا بەدی دەكرا ، هەوڵ و تێكۆشانەكانیان لە پێناوی نوێ كردنەوە و بە مۆدێرنیزەكردنی ئەدەبیاتی عەرەبیان تەرخان

---

(١) يوسف الصائغ ، الشعر الحر في العراق – منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨- ، اتحاد كتاب العرب , دمشق ، ٢٠٠٦ ، ص ٤٠ .

(٢) ڕوو بەڕوو لەگەڵ شێركۆ بێكەس دا ، قوبادی جەلی زادە , تەلعەت تاهیر , گۆڤاری گەلاوێژی نوێ , ژمارە ١٠ ،١٩٩٨ ، ل ١٦٩ .

(٣) سعید محەممەد بەرزنجی ، چاوپێكەوتنێك لەگەڵ شێركۆ بێكەسدا ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠/١٠/٢٠٠٨.

کردبـوو. لەوانـە گۆڤـاری ( شـیعر )ی لوبنـانی کـە ڕێگاکـەی بـەرەو نـوێ خـوازی و تاوەکردنـەوەی چەمکەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی تەرخان کردبوو . دیارە ئەو گۆڕانکاریانەش گەیشتبوونە عێراق کە ئەمیش یەکێکە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات ئەمانە بەتەواوەتی کاریگەریان هەبووە و لە بزاڤی شیعری (٦٩) بەرجەستە بـوو ، کـە کۆمەڵـە گـەنجێکی خـوێن گـەرمی وەکـو (فـازڵ عـەززاوی ) و (سـامی مەهـدی) دەیانەویست ئەو گۆڕانکارییانە بخەنە خزمەت بۆچوون و تێڕامانی تازە لـە ئەدەب و فیکردا . هـەروەها گۆڤـاری (گەلـەری)١٩٦٨ ی میـسری و پاشـان بابەتـە نوێخوازەکـانی لوبنـان و لەگـەڵ ئەمانەشدا ئـەو شتانەی کە بەزمانی عەرەبی هەبوون لە ئەدەبی دەرەوە وەرگێردرابوون .

جگە لەوەش دۆخێکی تازە دروست بوو کە دونیا لـە گۆڕاندا بـوو وەکـو سـەرەتای دروستبوونی شۆڕشـی کـوردی بزوتنـەوەی ئـازادیخوازی لـە وڵاتـانی عەرەبیـدا ، بزوتنـەوەی ڕزگـاری خـوازی لـە ئەمریکای لاتین ، دەرکەوتنی سومبوڵە گەورەکانی وەکو ( جیڤارا ) ،شۆڕشی خوێندکارانی فەرەنسا ، ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە ئێمەش لە مەوداکەی خۆماندا بە دوای تازەگەریدا بگەڕێین (٣) .

٤- ئـەو بزاڤـە فیکـری و ئەدەبیاتـەی کـە لـەناو ئـەدەبیاتی عەرەبیـدا دەرکـەوتن ، کـەم تـا زۆر کاریگـەرییان لەسـەر دەرکـەوتنی بزوتنـەوەی ڕوانگـەوە هەبوو،چـونکە دوای یـەك سـاڵ لـە دەرکەوتنی گۆڤاری (شعر) ی

لوبنانی بزوتنەوەی ڕوانگە دەرکەوت و ئەوانیش گۆڤارێکیان بڵاو کردەوە کە ناوی ڕوانگە بوو ، ئەو گۆڤارە خزمەتێکی زۆری بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی ئەم بزوتنەوەیە هەبووە .

٥- بارودۆخی سیاسیی ئەو ماوەیەی کە کوردی تیادا ژیاوە هۆکارێکی تری دەرکەوتنی ئەم بزاڤە ئەدەبییە بوو . چونکە لەسـەرەتای شەستەکانەوە ، بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی دژی ڕژێمی ئەوسا دەستی پێکرد ، ئەوە بوو لەسەرەتای حەفتاکاندا ، لەنێوان بزافی شۆڕشگێڕی کورد و حکومـەتی مـیری ڕێـك کەوتننامەیـەك مـۆر کـرا بـەپێی ئـەم ڕێککەوتننامەیـە ، هەنـدێك مـافی کـەلتووری ڕۆشـنبیری بـە کـورد و ئەدەبیاتەکـەی بەخـشرا ، وە کۆمەڵـە بیروبـاوەڕێکی نـوێ تـر دەرکەوتن و لە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـدا بڵاوکرانـەوە . ئەم گۆڕانکـاری ە ڕێککەوتننامەیـە ڕێگـای بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی ئەم بزوتنەوەیە خۆشکرد .

هەر ئەو باودۆخە بوو هۆکاری ئەوەی کە نووسەر و شاعیرانی بزاڤی ڕوانگە بەرهەمەکانیان بۆ ئازادی و بۆ خەبات و تێکۆشانی کورد تەرخان بکەن لەم بارەوە شێرکۆ بێکەس دەڵێت: ((ئازادی بووە بە شیعری کردنەوەی دەرگای تر و هۆی تەقاندنەوەی ڕوانینی ڕوانگە.)) (١) .

لەلایەکی تـرەوە ، بـەپێی تێڕوانینـی ڕوانگەییـەکان ، ئەدەبی کوردی تـەنیا خـۆ لـە جوینـەوەدا دەژێت . ئەوان یەکەم هەوڵیان بۆ ئەوە بووە ، کە گۆڕانکاریەك بخەنە ناو ئەدەب و شێوازی ئەدەبی کوردی یـەوە . وە بـەپێی تێڕوانینـەکانیان ئـەدەب ئاوێنـەی ژیانـە و بـەردەوام بـەپێی قۆناغـەکان ژیـانی مرۆڤایـەتی لـە گۆڕاندایـە ، بۆیـە دەبێـت ئـەم ئەدەبـەش بگۆڕێـت ، وە ئـەو گۆڕانـەیان بـە

---

(١) شێرکۆ بێکەس – شیعر و وەفاو نوێگەرێتی , عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی , گۆڤاری گەلاوێژی نوێ , ژمارە (١) ، ١٩٩٧ ، ل ١١٣ .

پێویستی سەردەم لە قەڵەم دا ، لەم بارەوە (کاکە مەم بۆتانی ) دەڵێت : ((ڕوانگە وەکو نیشانەیەکی پێشکەوتوو نوێ خواز لەئەدەبی کوردی دا ، قۆناغ و چۆنیەتی ئێستای گەلەکەمان هێناویەتە کایەوە ، پێویستی یەکی مێژووی یە دەبێ ببێت و هێزێك نیە پاشگەزی بکاتەوە و بیگێڕێتە دواوە.)) (٢) . یان ئەوەتا شێرکۆ بێکەس لەم بارەوە دەڵێت: ((بە بیروڕای من ڕوانگەی ئەدەبی کوردی ئێمە ببووینایە نەبووینایە ، ئەبوایە لەم قۆناغەی ئێستای میللەتەکەمانا سەری هەڵبدایە یان بتەقایەتەوە.))(٣) . یان وتوویەتی: ((شەستەکان وەك گۆمێکی مەنگ وابوو ، بەڵام ڕوانگە تا ڕادەیەك گۆمەکەی شڵەقاند.))(٤) .

ئەو هۆکارانە و چەندین هۆکاری تری ، بوونە هۆکارێکی دیاری سەرهەڵدانی ڕوانگە لە ئەدەبیاتی کوردی دا ، کە تا ئێستاش شوێن دەستیان لەناو ئەدەبیاتی کوردی هەر دیار و بەرچاوە .شێرکۆ بێکەس دەڵێت: (ڕوانگە بەرلەوەی دەق بێت، هاواربوو، بەرلەوەی تێپەڕاندن بێت ، طمــــوح بوو.)(٥).

ڕوانگەییەکان، بۆ گەشەپێدانی ئەزمونەکانیان، بۆ زیاتر پێگەبەهێزکردنی دەقە نوێکانیان، توانیان سێ ژمارە لە گۆڤاری (ڕوانگە) بە چاپ بگەیەنن. ئەو بزوتنەوە نوێخوازەش ، لە سالّی (١٩٧٠)دا سەری هەڵداو، ناوی (ڕوانگە)ی کردە ناونیشان بۆ خۆی ، هەروەها شێرکۆ دەڵێت:( من ڕوانگە ) بە قوتابخانە نازانم ، بەڵام دەڵێم هەوڵدانێك بوو لەسەر ئاستی ئەدەبی شیعرو چیرۆك بۆ جۆرێك لە دۆزینەوەی زمانێکی تازەترو جیاواز لە زمانی پێشوو ، جگە لەمانە ڕەنگە من کۆمەڵێك ڕەخنەم هەبێت لە ( ڕوانگە ) ی ئەو کاتە چونکە ئێمە سەرەتای پێگەیشتنمان بوو ،سەرەتای ئەوەبوو کە بچینە دونیای داهێنان و نوسینەوە ، لەبەر ئەوە ئەزموونەکەمان ئەزمونێکی قووڵ نەبوو ، کۆمەڵەکەی ئێمەش چوار کەس دەوری سەرەکی تیا بینیوە (حسێن عارف ، جەلالی میرزا کەریم ، مەم بۆتانی ، شێرکۆ بێکەس ) . جگە لەمانە کەسی تریش هەبوون بەڵام داینەمۆی (ڕوانگە) ئەم چوار کەسە بوون .

حوسێن عارف دەڵێت: ( دواجار بانگەوازی ئێمە، کە لە گەرووی بیری نوێی شۆڕشگێڕییەوە سەرهەڵدەدات و بە کەژاوەی رازاوەو نەخشینی تازەکردنەوە ڕێگەی سەرفرازی و پێشکەوتن دەگرێتەبەر، دیارە دەبێتە مەڵبەندی گشت ئەو ڕێبازو بیرە نوێیانەی، کە سەرەڕای هەموو جیاوازیەکیش لە نێوانیاندا، " لە رووی فەلسەفەی تایبەتی، قاڵبووی ناو مێشك و ناخی دەروونی خۆیانەوە بەرامبەر بە مرۆڤ و ژیان")(١).

---

(٢) گۆڤاری ڕوانگە ، ژمارە ٣ ، ١٩٧٢ ، ل ٤٤.

(٣) ڕووبەڕوو لەگەڵ شێرکۆ بێکەس – قوبادی جەلی زادە , تەلعەت تاهیر , گەلاوێژی نوێ , ژمارە ١٠ ، ل ١٦٨ .

(٤) شادمان قادر ، بزوتنەوەی ڕوانگە و شیعری نوێی کوردی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی , ٢٠٠١ , ل ٤٤ – ٤٦ .

(٥) شێرکۆ بێکەس – شیعر و وەفاو نوێگەرێتی , عەبدوللا تاهیر بەرزنجی , ل ١١٣.

(١) حسین عارف ، روانگە و یاران و نەیارانی ، چاپی یەکەم، سلێمانی ، ٢٠٠٥، ل١٠-١١.

هەروەها بەیاننامەی روانگە لە لایەن (شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف، کاکە مەم، فەخری بۆتانی، جەمال شارباژێڕی، جەلال میرزا کەریم، کەمال رەئوف محەمەد) واژۆکراو بڵاوکرایەوە.

مێژووی ئەدەبیی روانگە، ئەوە دەسەلمێنێت کە دژو نەیارانی زۆربووە، بەڵام گرنگی روانگە لەوەدابوو، کە بزاڤی ئەدەبی کوردی، تا رادەیەك بەرەوپێشبرد، بێگومان روانگە لە کاتی خۆیدا، دوو دەرەنجامی گەورەی لێکەوتەوە:

یەکەمیان: بزوتنەوەی نوێخوازی لە داهێناندا، لە بوارەکانی ئەدەب و هونەردا.

دووەمیان: تەوژمێکی بەرفراوان بوو، لە بواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا.

کەوابوو کاروان لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ، لە گەشەکردندایەو هەر پلەیەکی سەرکەوتنیشی، سیمایەکی نوێتری تایبەتی بۆ خۆی دەستنیشانکردوەو پێشکەوتنی نوێتری هێناوەتەئاراوە.

# بەشی چوارەم

## ٤-١: ڕوانگەییەکان لە نێوان پەیوەست بوون و یاخیبووندا:

پەیوەست بوون بەو واتایە دێت ، نوسەر یاشاعیر بەرهەم و نوسینەکانی لەخزمەتی چینێکی دیاریکراو بۆ بیرێکی تایبەت و ڕاکانی پێشکەش بکات .

زۆرجار پەیوەست بوون وا لە نوسەر دەکات ، نەتوانێ داهێنان ئەنجام بدات،سەربەستی لێ زەوت دەکات ، وای لێ دەکات بەپێتی فەرمی فکرەکەی بنووسێ، لە مێژووی ئەدەبدا ئەوەئاشکرایە خاڵی وەرچەرخان بەرجەستە نابێت ، ئەگەر چەق بەستووی داهێنانی دەق کێشە بێت ، یان لەمپەرێك بێت بۆ پەیوەست بوون ، لە کاتێکدا کە ( گۆران ) و ( نازم حیکمت ) پەیوەست بوون بە ئایدۆلۆژیایەکەوە ، بەڵام بە ڕادەیەکی ناموتڵەق ، بەڵام بەرهەمەکانیان لەخزمەتی چین و فیکرەکەشیان لە کۆمەڵگەدا ڕەنگی دابووەوە ، چونکە (( ئایدیاو هونەر ، ئەو دووانە شۆڕش بەرپا دەکەن ، شۆڕشی ئەدەب زەمینە بۆ شۆڕشی گەلان خۆش دەکات و گرەکەی هەڵدەگیرسێنێت ، هەر وشیاریشە کە گەلان دەبزوێنێ ))[1].

کاتێك پەیوەستبوون دەبێت بە گرفت لەبەردەم نوسەردا ، ئەگەر هاتوو نوسەر پابەندبوو بە واتای سنوور دانراوی فیکرەیەك .وەك ئەوەی ڕوانگەیەکان لەسنوری بانگەوازەکەیان دەرنەچوون ، هەرچەندە خۆیان بە یاخی و سەربەست لە قەڵەم دەدا .

( یاخیبوون بریتییە لە ڕەتکردنەوە واقیعێکی سەپاو لەلایەن نوسەرەوە لەڕێگەی فیکرەکانییەوە ، چونکە بە ناخی نوسەر خۆیەوە پەیوەستە . بەڵام پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییەی کە شۆڕش ئەنجامی دەدا ، بە مەبەستی گۆڕانکاری لەسەرجەم بوارەکاندا ) (٢).

یاخیبوونی ڕوانگەیی یەکان لەدوو لایەنەوە بەدیار کەوتن :

**<u>١- یاخیبوونی کۆمەڵایەتی :</u>**

ئەویش دابەش دەبێت بەسەر دوو لقی سەرەکیدا :

أ- یاخیبوون دژ بە دەسەڵاتی ئاینی .

ب- یاخیبوون دژ بە نەریتە کۆنەکانی ناو کۆمەڵ و شتی کۆنە باوەکان .

---

(١) د.عبدالحميد جيدة ، الاتجاهات الجديدة في الشعر العربي المعاصر ، ط (١) ، مؤسسة نوفل ، بيروت ، ١٩٨٠ ، ص ٢٦ .

(٢) ڕۆژنامەی هاوکاری. ژ ( ١٧ ) ، بەغدا ١٩٧٠ ، ل ٧ .

## ٢- یاخیبوون دژ بە دەسەڵاتی سیاسی :

وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا ئەو یاخیبوونەی کە ڕوانگەیی یەکان پەنایان بۆ برد ، خودی بارودۆخەکە خۆی بەسەر ڕوانگەییەکاندا سەپاندبوونی ، ئەوان کە پەنایان بۆ یاخیبوون دەبرد ، یەکەم : ئامانجیان ئەوە بوو کە کۆمەڵگای کوردی لەو خەوە بارگران و قورسە ڕزگار بکەن کە تووشی بوو بوو ، دووەم : هەروەها هانی بدەن تا چی تر لەئاست دوا کەوتوویی بێ دەنگ نەبن . شێرکۆ بێکەس لە ناخێکی قوڵەوە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی ، کۆمەڵگای کوردی یاخی دەبێت ، کۆمەڵگاکەیەوە تاوانبار دەکات ، کە بووەتە هێلانەی پیاو خراپان و ڕۆژانە سەدان کەس بە یاساو دەستوورەکانی هەڵئەواسرێن ، بۆنمونە دەڵێت:

لەژێر کەشی شارەکەما

لەژێر مێزەری گەورەیا
لەناو قوبەی منارەیا
ڕۆژی هەزار بەچکە ڕێوی
چاو زیت ئەزێن
ڕۆژێ ... هەزار
ڕۆژێ ملیۆن
سوێند و بەڵێن
بەتەنافی پەڵکە خوێنی ئابڕووەوە
هەڵئەواسرێن (١)

یان لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

پەنجەی ئاگری هۆنراوەم ... درێژ ئەکەم
بۆ چاوی سەر بەرەوژێری شارەکەم
بۆ چاوی دیلی شەوە زەنگ
چاوی بێ سپێدەی چنۆک
ئەو چاوانەی ڕووناکی ناو دڵیان فرۆشت
ئەو چاوانەی دوای هەڵ کۆڵین
بۆ تارێکی هاتنەسەر چۆک (٢)

یاخیبوونەکەی شێرکۆ بێکەس دژی یاسا و دەستوورەکانی کۆمەڵگا و ئەو مرۆڤانەی کە ماڵ میللەت و نیشتمانەکەیان فرۆشت لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیان دەگاتە بەرزترین پلە ، کە یاخی بوونەکەی هێرشە بەخۆوە بگرێت ، بە ئاگر ڕووبەڕووی ئەوانەوە دەبێتەوە . هەر لەم پارچەشیعرەیدا بە چەند پرسیارێك هەڕەشەکانی توند و تیژ دەکات ئەوەتا دەڵێت :

بەڕێزەکان
بەڕێزە خانەدانەکان
چیتان کرد بۆ ووشەی برسی
قانع و بێکەس و دڵدار و گۆران
چیتان کردە بەر زستانی ڕوت و قوتی ئەوان (٣)

یان لە پارچە شیعرێکی تردا دەڵێت :

لێتان دزیم ، ڕەنگی تابلۆی زامەکانم
هەڵبەستەکانتان لێ دزیم
لێتان دزیم گلێنەی چاوی ساماڵی
مناڵەکانتان لێ دزیم

---

(١) شێرکۆ بێکەس ، من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ ، دەزگای چاپەمەنی الحریە ، بەغداد ، ١٩٧٣ ، لاپەڕە ١٥ .

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٧٣.

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٧٤.

هەناسەی سنگی شەقاری

دەستان دزیم

قاچتان دزیم

هەتا .. گۆڕ و ... هەتا .. کفنی

شەهیدەکانیشتان .. دزیم (١)

شێرکۆ بێکەس ، لەم پارچە شیعرانەیدا داخی دڵی خۆی بەسەر یاسا و داب و نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگای کوردی دا دەڕژێت و هەڕەشەش لەو کەسانە دەکات ، کە خوێن و گیان و تەنانەت کفنی شەهیدەکانیشیان لێ دزیوە ، دەیەوێت کۆمەڵگایان لێ هوشیار بکەنەوە . ڕوانگەیی یەکان نەك هەر لە یاساو دەستوورەکانی کۆمەڵگا بێزار بوون ، بەڵکو لە یاساو دەستوورەکانی ئاینیش ئەوەندە بێزار بوون تا ڕادەیەك لە یاخی بوونیش دژی ئەوان بەرپا بکەن ، شێرکۆ بێکەس دەڵێت:

من ئاوارەی وڵاتێکم جادووگەری

لە ئەئشکەوتی یاساکانیا

لە گەراجی یاساکانیا

لە گیرفانی جانتای پارەی .. شین و سووری پیاوەکانیا

لە کیسەی مەمکی لاستیکی ژنەکانیا

لە منارەی درۆییەکانیا

پێشمەرگەی ووشە ئەکوژن

قەڵەمە جەنگاوەرەکان ئەخنکێنن (٢)

یان دەڵێت:

پێکرام ... لە پێشەوە پێکرام

هەر بەو تیفە ژەنگاویەی

کە بەدرخانی پێ کوژرا منیش کوژرام

تیفی چاری شەیتانی سەرمنارەکان

تیفی زمان مارە سەر

بەردەنوێژی مزگەوتەکان

خنکام ، لەناو دوکەڵی فتوای ناو مێزەری

توونی بابا.. پیلانەکەی

مەلای خەتێ دابوو خنکام (٣)

یاخیبوونی ڕوانگەییەکان ، ڕەتتکردنەوە واقیعی سەپاو نەبوو ، بەڵکو گێژەڵوکەیەك بوو بەدەوری خۆیدا دەخولایەوە ، هەر لەناو خۆیدا دەردەپەڕییە دەرەوە ، واتا کاریگەریی ئەوتۆی نەبوو ، بەڵام سەرباری ئەوەش یاخیبوونەکەیان بریتی بوو لە ڕەتکردنەوەی هەموو شتێکی کۆمەڵگادا ، تەنانەت لە زمانیش یاخیبووندا ، وشەکانی ناو فەرهەنگی کوردییان خوێناوی دەکرد ، لەبەر ئەوەی کۆن بووبوو ، لە ژێر پەردەی

---

(١) شێرکۆ بێکەس ، من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ ، ل ١٧٤.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠١.

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٣.

ئەوەی کە گەشەی بیر  پێویستیی بەگەشەی زمان هەیە ، بۆیە ئەوان واتای نوێیان دەبەخشییە شتەکان و لێکدانەوەی نوێیان بۆ دەکردن .

دەکرێت بڵێن ئەو یاخیبوونە ( زمانییە ) خۆی لە خۆیدا هەڵەیە ، چونکە گەشەکردنی زمان هەروا کارێکی ئاسانا نییە ، بەڵکو پڕە لە ئاڵۆزی و تەمومژ، گەشەکردنی زمان پەیوەستە بە گەشەکردنی ژێرخانی ئابووری سەرخان و دواتر گەشەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی فەرهەنگی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەو تەندروستی... تاد.

زمان پانتاییەکی بێ سنوورە لە جیهاندا ، هەروا بەئاسانی و سەرەقەڵەمێکی سیحراوی زمان گەشەناکات ، بەڵکو پێویستیی بە پشوودرێژی و بیرکردنەوەی فراوان هەیە ، چونکە زمان دنیایەکی پڕ لەسیحروجوانییە ، کاتێك زیاتر گەشەدەکات ، کە ئاشنایەتی لەناخی مرۆڤدا پەیدابکات . یاخیبوون دەبێت لە وێنەو بیری زانستیدا دابنرێت ، واتا دەبێت جێگە دەستی دیاربێت ، نەك هەربە سارێژکردنی برینەکانی خودی ( زاتی) (یاخیبوون ) بێت بە تەنها.

چونکە یاخیبوون بریتییە لە ( کردەوە و بەرهەم و داهێنان)(١)، بەڵام لەلای ڕوانگەییەکان بریتی بوو لەچەند و شەیەکی هەڵبژاردەی ناو هۆنراوە و چیرۆکەکانیان ، کە دوا بەدوای خۆیان وەکو بەفر دەتوانەوە.

ڕوانگەییەکان لەبارەی یاخیبوونی خۆیانەوە دەڵێن: ( ڕوانگەو یاخیبوونەکەی ڕامالێکی گیانی خودپەرستی یە ، کە لە ئەدەبی کۆندا ڕەگی داکوتاوە ، تا ئەمڕۆش ماوەتەوە ، یاخیبوون لای ئێمە بزوتنەوەیەکی ڕازی نەبوونەو هەڵگەڕانەوەیە لەڕووی ئەو واقیعەی کە تێدا بریندار کراوە و ڕامالینی ئەو عورف و عادەتانەی کە ڕێگرن لەبەردەم پێشکەوتندا ) (٢).

وەکو پێشترتریش ئاماژەمان پێکردووە ، کە گوزارشتی ڕوانگەییەکان لەڕووی ئەدەبییەوە جوانن ، بەڵام کارپێکردنیان لە گۆڕەپانی ئەدەب و واقیعدا قورسە ، چونکە هەموو دەزانین لەو ڕۆژگارەدا کە چۆن (بابەتە زاتییەکان) سەرتاپای بەرهەمەکانی ڕوانگەی قۆرخ کردبوو ، کە بە هیچ جۆرێك سیستەمی بابەتی ئەکادیمیی ڕەچاو نەدەکرد ، تەنانەت لەیاخیبوونەکەشیاندا هەر زاتی بوون .

## ٢-٤: لاساییکردنەوە لە بزاڤی ڕوانگەدا:

لە پرۆسەی لاساییکردنەوەی هەر ڕێبازێکی ئەدەبیدا ، پێویستیمان بە بۆ چوونێکی زانستیانە هەیە بۆ ئەوەی چەمکی لاسایی دیاریبکەین .لاساییکردنەوە بەوە دێت کە نوسەر وەك خۆی بیروڕایەکی دی وەربگرێت وبەبێ دەسکاری و گۆڕانکاری لەتەکێك و ناوەڕۆکدا ، بەوەش کەسێتیی ئەدەبی نوسەر لە لاسایکردنەوەی کەسێتیی ڕەسەندا وون دەبێت ، چونکە توشی ئەوە دەبێت ڕای کەساتی تربلێتەوە ، ئەمەش ڕاستە و خۆ زیان دەگەێنتە ئەدەب ، ڕێگەی دا هێنمان لێ دەگرێت .

---

(١) ڕۆژنامەی هاوکاری ، ژ ( ٣١ ) ، ساڵی دووەم ، بەغدا ، ١٩٧٢ ، ل ٧ .

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣ – ٤ .

چونکە ئەدەب خۆی لەژێر تیۆری کارتێکردن و کارتێکراودا دەبێت ، واتا هیچ نوسەرێك بۆخۆی ناتوانێ شتێك دروست بکات کە کەس تائەوکاتە قسەی لەسەرنەکردبێت ( کارتێکردن لەسەردەمی گەشەی ئەدەبیدا بۆ هەرمیللەتێك دێتە ئاراوە ، هەموو ئەدەبێك دەزگای خۆی دەخاتە سەرپشت بۆ ئەدەبی بێگانە ، بەڵام بەمەرجێك ڕەسەنایەتی ئەدەبی خۆماڵی لەدەست نەدات) (١).

ڕوانگەییەکان بە شێوەیەکی ئێجگار کەم کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی تیۆری کارتێکراوەوە ، تەنانەت سەرجەم بەرهەمەکانیشیان وەرگیراوە بۆ ناو ئەدەبی کوردی . ڕوانگەییەکان لەو بارەوە دەڵێن:(ئەدەبەکەمان تا لە ناخی تەنگەبەریی ناوچەیدا بمێنێتەوە و لەتاقیکردنەوە سەرکەوتوەکانی ئەدەبی جیهانی تازەوە ڕۆشنایی وەرنەگرێت ، وەکو ئاوی ڕاوەستاو بۆگەن دەکات ، ئێمە بەری ئاوی ڕاوەستاو بەرئەدەین تا بڕژێتە زەریای ژیانەوە ) (٢).

ئێمە پێمانوایە کە ڕوانگەییەکان لەڕووی دارشتنی ئەدەبییەوە دەقەکانیان جوانن، خۆشیان خاوەن بەهرەن ، بەڵام کاتێك کە دەهاتنە سەر جێبەجێ کردنیان ، دەستەوەستان دەوەستان ، ئەو پەل هاویشتنەی ڕوانگە بۆ دەرەوەی ئەدەبی کوردی لەو جۆرە پەل کێشانە نەبوو کە لە وێنەدا ، چەمکی کارتێکردن هەبوو . چونکە گواستنەوەی تەواوەتی و پڕوپڕی بوو بۆ ناو ئەدەبی کوردی .

ئەوەش ئەوە دەردەخات کەڕوانگەییەکان لە هەردووزاراوەی لاسایکردنەوە و کار تێکردن تەواو نەگەیشتوون ، چونکە نەیانتوانی جیاوازی لە نێوان ئەو دوو وێنەبیرەدابکەن ، هەرگیز قسەی وایان بە خەیاڵدانە دەهات کە بە کارەکانی خۆیان بڵێن کارتێکردن و داهێنان،خۆشیان دان بەو ڕاستییەدا دەنێن ، وەکو شێرکۆ بێکەس دەڵێت: (ئێمە وێنەی شیعری و ئەفسانە و ڕەمزبەکارهێنان لەبەرشارسەیاب و نازك الملائکە وەردەگرن و ئەوانیش لە ئەلیۆت و شاعیرانی تری ئەورووپییەوە وەریدەگرن)(٣).

بۆیە ئەو کارە بەکارێکی ئاسایی سەیر دەکرێت لە شوێنێکی دیدا عەزەدین ڕەزا ڕاستە و خۆ دان بەوە دادەنێت کە لاسایکردنەوەی هاوبیرەکانی ، دەڵێت ( بەڵێ ڕاستە ، ئێمە لاسایی ئەدەبی بێگانە دەکەینەوە ساڵێکی تر کەمتر لاسایی یان دەکەینەوە ، ساڵی دواتر ئەمیش کەمتر ، تالە دوایدا ئیبداع دەکەین ) (٤).

ئەو دوو نموونەیە کاری لاسایکردنەوە بوو لای ڕوانگەییەکان ، ئەمەش ئەنجامێکی بەڵگەنەویستە ڕوانگەییەکان ، ئەوڕاستسسە دەزانن کە ڕوانگە تەمەنی چەند بوو تەنها دووساڵێك لە ڕۆژگاریدا بەتین بوون ، ئەو ماوەیەش خۆیان بە قۆناغی لاسایکردنەوە دەزانن نەك داهێنان کەواتە تەمەنی لاسایکردنەوەی بەسەر بردو دەیوست لەو سۆنگەیەوە لەژێر ساباتی لاسایکردنەوەدا گەشەبکات . لەم ڕایەدا ڕوانگە پێچەوانەیە ، چونکە هەربزاڤێکی ئەدەب بیەوێت لە جوڵانەوەیەکی ڕۆشنکریدا بژێت دەبێ ماوەیەك بۆخۆی سەربەخۆ کاربکات ، تاوەکو هەرلەو دەلاقەیەوە خۆی بناسێنێ و متمانەی گەل دەستە بەربکات و پێناسەیکی لای جەماوەر هەبێت، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر پڕبایەخ بێت و گەشە بکات .

---

(١) عەزیز گەردی ، ئەدەبی بەراوردکاری ، چ(١) ، کۆڕی زانیاری کورد ، بەغداد ، ١٩٧٨ ، ل ٦١ .

(٢) گۆڤاری ڕوانگە ، ژ ( ٣ ) ، ساڵی سێیەم ، ١٩٧٢ ، ل ٦٨ .

(٣) گۆڤاری بەیان ، ژ (٧٨) ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ل ١١٣ .

(٤) گۆڤاری بەیان ، ژ ( ٨ ) ، ١٩٧٣، بەغدا ، ل ١٥ .

## ئەنجام

لە کۆتایی نووسینەوەی لێکۆڵینەوە کەدا ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان لەلا گەلاڵە بوو:

**ئەنجامە گشتییەکان:**

١- ئاشکرایە هیچ بزاڤێکی ئەدەبی لەسەر تاسەری جیهاندا لە خۆوە بەبێ هۆکار چرۆ ناکات ، دەبێت لە پێناویدا زەمینەسازی گونجاوی بۆ فەراهەم بکرێت بۆ گەشەکردن و سەرهەڵدانی بزوتنەوەکە .

٢- هۆکاری سەرهەڵدانی ڕێبازە جیاجیاکان لەئەدەبی ڕۆژئاوادا ، لە سەرەتاوە تاکو ئەم ڕۆژگارە ، بریتییە ەسەرهەڵدانی جەنگ و ماڵ وێرانی و کارەساتی سروشتی ومرۆڤیی، نەمانی بەهاکۆمەڵایەتیەکان و نرخی مرۆڤایەتی، هەروەها بایەخ نەدان بە زانست و هونەر بەگشتی و ئەدەب بەتایبەتی ، کۆی ئەم بابەتانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ ڕۆڵیان لە دامەزراندنی ڕوانگەدا هەبووە .

**ئەنجامە تایبەتییەکان:**

١- سەرەتای حەفتاکان، سەرەتای نوێخوازییەکی کراوەی ئەدەبیاتی کوردی بوو، لەومیانەشدا سەرەتای نوێخوازییەکە لە سەرهەڵدانی گروپی کفری – کەرکوکەوە دەستی پێکرد ، هەرچەندە ملـــملانێیـــەکی بەردەوام هەیە لەسەر دەستنیشانکردنی سەرەتاکانی نوێخوازیی لە ئەدەبی کوردیدا .

٢- ئەدەبی ڕوانگە قۆناغێکی تر بوو ، کە بزاڤێکی ڕەخنەگرتنی لە ئەدەبی کوردیدا دروستکرد،هەرچەندە ڕوانگە پڕ بوو لە کەموکوڕی و هەڵە ، وا نەبێت پێش ڕوانگە ڕەخنە لە ئەدەبی کوردیدا نەبوبێت ، یان

٣- ئەوەی لە هەردوو بزاڤەکەدا بەدی دەکرێت ، گیانی یاخیبوونە لە ڕووی تەکنیك و زمانی شیعرییەوە، کە دەرەنجامی یاخیبوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکە بوو ، نوێکردنەوەکەش بە زۆری لە بواری شیعرو چیرۆك بوو، هەندێك جار پەخشانیشی دەگرتەوە، کە دەرەنجام دەرگای ڕەخنەو لێکۆڵینەوە بۆ نوسەرانی کورد فراوانتربوو.

٤- هەرچەندە هەوڵەکانی گروپی کەرکوك – کفری پێش ڕوانگە مۆرکی داهێنەرانەی پێوە دیاربوو، بەڵام ڕوانگە، توانی برەوێکی دی بە ڕەخنەی کوردی بدات و بە شێوەیەکی نوێ ڕەخنە بهێنێتە پێشەوەو بواری ڕەخنەی فراوانکرد.

٥- لەڕوویەکی ترەوە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لەو ڕۆژگارەدا بەرەو ئاقارێکی تر دەچوو، گۆشەنیگاو ڕوانینی نوێ لەوڕۆژگارەدا چرۆی کرد لەڕووی فکرەوە جیاوازبوون لە تەرزە بیرانەی ئەو ڕۆژگارە ، ئەمەش بۆ خۆی سیمایەکی جیاواز بوو بۆ سەرهەڵدانی ڕوانگە .

٦- ڕوانگەو خودی ڕوانگەیەکان لەڕووی بەئاکام نەگیشتنی مەرام و ئاداتی سیاسی و کەسی یەکردنەوانە هەنگاویان نا .دەیان ویست لەو سۆنگەیەوە ڕۆشنبیری خۆیان بخەنە ڕوو بۆ گواستنەوەی ڕای خۆیان بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ ناو ئەدەبی کوردی ئەمەش زیاتر بۆ ناساندی خۆیان بوو . کە ئەدەب دەبێت بەپێی قۆناغ و پێویستی ڕۆژگار بگۆڕێت بەپێی ئەو ڕۆژگارەی کە تایدا لە دایك دەبێت ، ئاستی پێشکەوتنی ئەدەبەکەی دەسنیشان دەکرێت .

٧- بزاڤی ڕوانگە بەپێی پێوستی قۆناغی و ڕۆژگارەکەی نەبوو ، چونکە لە ڕۆژگاری سروشتی خۆیدا لە دایك نەبوو ، بەهۆی چەند تەرزوو هۆکارێکی دەرەکییەوە دەجولاّو ئاڕاستە دەکرا ، کە ڕەنگدانەوەی لە سەرهەڵدانی ڕوانگەدا هەبوو . هەرچەندە خۆیان پێیان وابوو کە قۆناغی دوای گۆران و هاوڕێکانی ئەوەی دەخواست، ئەدەبێکی وەك ئەدەبی ڕوانگە لە دایك بێت .

٨- سەربارێ ئەوەش باروودۆخی ئەو ڕۆژگارەی کوردستان بە تەنها پێویستیی بە بزاڤی ڕوانگە نەبوو، بەڵکو پێویستیی بە هەموو جۆرە ڕایەك بوو ، بۆیە هیچ ڕەوشێکی بابەتی و ئەکادیمی لەپاڵ سەرهەڵدانی ڕوانگەدا ڕەچاو ناکرێ ، جگە لە هۆکاری خودی و لاسایی کردنەوە نەبێت .

## سەرچاوە:


### کتێب:

- بە زمانی کوردی:

(١) حسین عارف ، ڕوانگە و یاران و نەیارانی ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ .

(٢) شادمان قادر ، بزوتنەوەی ڕوانگە و شیعری نوێی کوردی ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ، ٢٠٠١ .

(٣) شێرزاد هەینی ، ٩٥٥ خولەك لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دا ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی، ٢٠٠٨ .

(٤) شێرکۆ بێکەس ، شیعرو وەفاو نوێگەرێتی ، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی ، گەلاوێژی نوێ ، ژمارە (١) ، ١٩٧٧ .

(٥) عەزیز گەردی ـ ئەدەبی بەراوردکاری ، کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغداد ـ ١٩٧٨ .

(٦) علی تاهیر حسین، کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، ٢٠٠٠.

(٧) لەتیف هەڵمەت – مامۆستای کورد، لە کفری یەوە بۆ کۆتاییەکان ، ژ (٣٠ ) ، ١٩٩٦ .

(٨) شێرکۆ بێکەس ، من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ ، دەزگای چاپەمەنی الحریە ، بەغداد ، ١٩٧٣ .

- بە زمانی عەرەبی:

(١) سامي مهدي ، افق الحداثة و حداثة النمط ، دارالشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٩٨ .

(٢) د.عبالحميد جيدة ، الاتجاهات الجديدة في الشعر العربي المعاصر ، ط (١) ، مؤسسة نوفل ، بيروت ، ١٩٨٠ .

(٣) يوسف الصائغ ، الشعر الحر في العراق – منذ نشأته حتى عام ١٩٥٨– ، اتحاد كتاب العرب ، دمشق ، ٢٠٠٦ .

### گۆڤار:

(١) گۆڤاری بەیان ، ژ ـ ٨ ، بەغدا ، ١٩٧٣.

(٢) گۆڤاری بەیان ، ژ ـ ٧٨ ، بەغدا ، ١٩٨٢.

(٣) گۆڤاری ڕامان ، ژمارە ٣١ ، ١٩٩٩ .

(٤) گۆڤاری ڕوانگە ، چاپخانەی النعمان ، نجف ، ١٩٧١،

(٥) گۆڤاری ڕوانگە ، ژمارە ٣ ، ساڵی سێ یەم ، ١٩٧٢.

(٦) گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە ١، ١٩٩٧ .

(٧) گەلاوێژی نوێ ، ژمارە ١٠ ، ١٩٩٨ .

(٨) گۆڤاری نیشتمان،ژ (٤) ،ساڵی دووەم ، تەموزی ١٩٩٨ .

### ڕۆژنامە:

(١) هاوکاری ، ژ ـ ١٧ ، ساڵی یەکەم ، ١٩٧٠ .

(٢) هاوکاری ، ژ ـ ٣١ ، ساڵی دووەم ، بەغدا ، ١٩٧٢ .

(٣) هاوکاری ، ژ ـ ١٣١ ، ساڵی سێیەم ، بەغدا ، ١٩٧٢ .

### چاوپێکەوتن:

(١) سعید محەممەد بەرزنجی ، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٨/١٠/٢٠.

# ملخص البحث

لاشك ان وراء ظهور كل حركة أدبية عدة عوامل ، منها ما هي سياسية أو أجتماعية أو سياسية ، و يمكن ان تكون ثمة ارضية خصبة لظهور اية حركة ادبية او فكرية ، و لكن عن طريق محاكاة الآخرين ، و هنا نود ان نتناول في بحثنا الموسوم ( **الشعر بين الألتزام و التمرد – حركتي كركوك – كفري و ڕوانگه / المرصد كنموذجين** ) ، اهم عوامل تبلور تلك الحركتين ألادبيتين الحداثويتين في الأدب الكوردي .

قبل تناولنا لدور المرصد ، تطرقنا ألى دراسة بواكير ظهور المحاولات ألادبية في الادب الكوردي من حيث ألمرحلة التاريخية ، تلك الحركة المسماة بـــ ( حركة كفري – كركوك ) ، حيث يعتبر تلك أول حركة ادبية تجديدية في تاريخ ألادب الكوردي ، لكن ثمة خلافات حول أحقية الحركتين في تحديد تأريخ أول ظهور للحركة الحداثوية في الشعر الكوردي ، حيث يدعي رواد كلتا الحركتين بأنهم هم اللذين بدأوا بتحديث الشعر الكوردي ، رغم ذلك ليست تلك الخلافات بذلك العمق لكي يبتعد كل منهم عن مسار تحديث الشعر الكوردي على الأقل العمل من أجل تطوير الشعر الكوردي و تجديده.

و من الجدير بالذكر ، أن حركتي ( روانكة – المرصد ) ظهرت خلال مرحلة تأريخية مهياة من النواحي السياسية و الاجتماعية ، حيث كانت الظروف السياسية مهيأة بعد أتفاقية ١١ آذار بين قيادة الحركة التحررية الكوردية و الحكومة العراقية السابقة ، حيث تمخضت عنها فترة ذهبية من فترات ألادب الكوردي ، من حيث النوع و الكم .

ومن وجهة نظرنا ، ظهرت بوادر تلك الفترة من حيث التحديث في الشعر الكوردي من خلال الحركتين ألادبيتين الآنفتي الذكر ، من حيث التمرد على القوالب القديمة والتعامل مع القصيدة من حيث التقنيات الحديثة ، ناهيك عن التمرد على السياسة و المجتمع و محاولة قلب المفاهيم القديمة راسا على عقب .

لكن الاسبقية تبقى لحركة كفري – كركوك ، لكونها سبقت كل الحركات ألاخرى ، ثم تلتها حركة روانكة – المرصد ، و لكن كدأب مجمل الحركات ألادبية ، يبقى الخلاف قائماً بين النقاد ، حول من تلك الحركات تسبق ألاخرى ، و لأجل ذلك تطرقنا ألى ذلك الموضوع .

***ABSTRACT***

*Of course there are many factors beyond the appearance of literary movement; political or sociological.But by the way of treating with the other people there will be a fertile background for appearing literary or ideological movement.We would like to show in our research (the factors of appearing Rwanga Movement –Observation literature )،the most spread factor of the literary Kurdish Movement ، before that we talked about the early appearance of the literary appearances in the Kurdish literature through the historical phase ، which is called (Kifri – Kirkuk Movement).It is considered as the first modernist literary movement in the history of Kurdish literature.*

*But is mentionable that (Riwanga Movement )appeared through a historical phase supported by the political and sociological phases ، through which the circumstances were appropriated after the the 11th. Of March ،1970 .*

*Liberal Kurdish Movement leaders and last Iraqi Government ،in which a golden period was performed from the Kurdish literature periods ، in quality and quantity، and in our preview is that the beginning of those periods started from modernity in poetry through the previous movements ، but the priority is to the (Kirkuk – Kifri)،because it preceded all the other movements،then the (Rwanga-Observation appeared، but as a leader of the whole literature and the difference is between the critics about which came after the other ،for that we talked about that.*